لەم ژمارەیەدا

ل٣ بووش عێراقێکی فیدراڵی ڕەت دەکاتەوە

ل٥ سەرۆکی بەرەی گۆڕان بۆ ئاژانسی نوچێن کوردستان

ل٦ کۆمەڵگەی کوردەواری و ژێردەستەیی ژن

ل٧ کوردستان لە گەمەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٠) یەکشەممە ٢٠٠٦/١٠/٢٩


## لە شوێنی عێراق چەند دەوڵەتێک دروست دەبن

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٤ سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا رایگەیاند کە لەوانەیە لەجێگەی عێراق چەند دەوڵەتێک دروست بن . هەروەها خاتوو مارگرێت بێکتی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دابەشبوونی عێراقی بەدوور نەزانی و رایگەیاند کە عێراق شیمانەی دابەشبوونی هەیە ، بەڵام وتەبێژی کۆشکی سپی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رایگەریاندووە کە ئەوان ئەگەری دابەشبوونی عێراقیان شرۆڤە کردووە و بە باشترین چارەسەریان بۆ عێراق و ناوچەکە نەزانیوە، بۆیە ئەمریکا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی خۆی سەبارەت بەعێراق ناکات .

هەندێک لە چاودێران لێدوانەکانی لاڤرۆڤ و خاتوو بێکتیان بە ترساندنی عێراقیەکان لێکدایەوە تا واز لە شەڕو کوشتاری یەکتر بهێنن ، کەچی هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ئەو دووانە بە ئاگاییەوە دواون و دەزانن داهاتووی عێراق چی بەسەر دێ .

# حکومەتی هەرێم ئاسانکاری بۆ مورشید خەزنەوی ناکات و سوریاش دەیەوێ دەستگیری بکات

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەسوریا راگەیاندراوێکی بڵاوکردۆتەوەو دیاریکردووە کەرژێمی سوریا بڕیاری دەستگیرکردنی شێخ مورشید خەزنەوی کوڕی شێخ مەعشوق خەزنەوەی دەرکردووە ، ئەوەش بە بیانۆی ئەوەی کە ناوبراو لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا رژێمی سوریای بە کوشتنی باوکی ، شێخ محەمەد مەعشوق خەزنەوی تۆمەتبار کردووە کە رۆژی ٢٠٠٥/٥/١٠ لە کردەوەیەکی گومانایدا رفێنراو دواتریش تەرمەکەی دۆزرایەوە .

بەگوێرەی هەواڵەکان پێشتر کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بەڵێنیان بە شێخ مورشید خەزنەوی دابوو کە بێتە کوردستان و پێشوازی لێبکەن و مافی مانەوەی پێبدەن . شێخ مورشید بەو ئاواتەوە دەیەوێ لە فڕگەی وڵاتی ئوردن سواری فڕۆکە ببێ و بەرەو باشووری کوردستان بڕوات ، بەڵام لە فڕگە بەبیانۆی ئەوەی ڤیزەی نییە راگیری دەکەن ، هەروەها باڵیۆزی عێراقیش پێی رادەگەیەنێ کە ئەو بۆی نییە پێ لە عێراق و هەرێمی کوردستان بنێ .

شێخ مورشید خەزنەوی بە ماڵپەڕی ( کەسکەسۆر) ی راگەیاندووە کە ئەو لە رێگەی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد و نەوەی شێخ سەعیدی پیرانەوە داوای لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو کە ئاسانکاری بۆ بکەن تاوەکو بگاتە باشووری کوردستان و لەوێ بمێنێتەوە ، ئەوان سۆزو بەڵێنیان دابوو ، بەڵام کاتێ لە فڕگە گرفتیان بۆ دروست کردم ، ئەوان پەیوەندییان بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد کەچی ئەوان هیچ ئاسانکاریان بۆ نەکردم .

ئێستا ناوبراو لە ئوردن گیری خواردووە ، نە رێگەی پێدەدرێ کە بێتە باشووری کوردستان ، نەدەشتوانێ بچێتەوە سوریا چونکە رژێم بڕیاری گرتنی داوەو فەرمان بە پۆلیس و ئاسایش کراوە لە هەر شوێنێ دیتیان دەستگیری بکەن .



## ڕۆژهەڵات

لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی نوری مالیکی، چاودێرانی جیهانی سیاسەت ماوەی شەش مانگ مۆڵەتیان بۆ دانابوو ، پێیانوابوو ئەگەر لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا نەتوانێ رەوشی وڵات ئاسایی بکاتەوە و هێمنایەتی بگێڕێتەوە رەوایەتی لە دەست دەدات و هەڵدەوەشێتەوە . هەندێک لەوە زیاتر پێشبینیان کردبوو ، دەیانگوت : ئەگەر کابینەی مالیکی نەتوانێ لە ماوەی شەش مانگدا ئارامی بۆ شارەکان بگێڕێتەوە و کردەوە تیرۆریستیەکان کۆتا بکات ، هەڵوەشانەوەی عێراقی بە دواوە دادێ .ئێستا وا خەریکە ماوەکە بەرەو تەواوبوون دەچێ ، کەچی نە رەوشی وڵات ئاسایی بۆتەوەو نە بەرەو ئاسایی بوونەوەش دەچێ . نە ئارامی و هێمنایەتی بۆ شارەکان گەڕاوەتەوە و نە ئومێدی ئەوەش هەیە بەو زووانە ئاسایش و ئارامی بگەڕێتەوە . نە کردەوە تیرۆریستی و تەقینەوەکان کۆتاییان پێهاتووە نە لە کورتیشیان داوە ، کەواتە چ چاوەڕوانیەک بۆ داهاتووی عێراق دەکرێ!

حکومەتی ئەمریکا هەست بە شکستی کابینەی مالیکی دەکات ، هەر لە ئێستاوە بەدوای رێگەچارەو کابینەیەکی دیکەدا دەگەڕێ . مالیکیش ئاگری بەزین و هەرەسی لێ نزیک بۆتەوە ، بۆیە هێزە فرەرەگەزەکان بە هۆکاری نائارامی دادەنێ و تۆمەتباریان دەکات و دەیەوێ شکستی خۆی لە ئەستۆی ئەوان بنێ .

لێدوانەکەی ئەم دواییانەی مالیکی سەبارەت بە رەوشی نائارامی عێراق کە هێزە هاوپەیمانەکانی تێدا بەرپرسیار کردبوو ، رەخنەی توندی باڵیۆزی ئەمریکای لێکەوتەوە . زالمای خەلیلزاد لە پێوەندی لێدوانەکەی مالیکدا نیگەرانی خۆی دەربڕی و ئاشکرای کرد کە مالیکی لەگەڵ پەیمانەکانی خۆی بۆ هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان راستگۆ نەبووەو هەوڵی شێلگیرانەی بۆ هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان نەداوە ، بەمەش رەوشەکە ئاڵۆزو نائارامتر بۆتەوەو خۆی تێیدا بەرپرسیارە و نابێ شکستەکەی بخاتە ئەستۆی دیترانەوە .

لێدوانەکانی مالیکی و زالمای ناکۆکی نێوان کابینەی مالیکی و حکومەتی واشنتۆن دەردەخەن. حکومەتی ئەمریکا پشتی بە سۆز و بەڵێنەکانی مالیکی بۆ هەڵوەشانەوەی میلیشیاکان بەستبوو ، پێیوابوو ئەگەر میلیشیای لایەنەکان هەڵبوەشێنەوە ئیدی دەستی ئێران کورت دەبێتەوە و کوشتاری خەڵکی سڤیل و هێرشکردنە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان کۆتاییان دێ . مالیکیش پشتی بە هاوکاری ئەمریکا ئەستوور بوو ، پێیوابوو لەتەواوی هەنگاوەکانیدا پشتیوانی لێدەکات ، کەچی پێوەندی نێوان مالیکی و حکومەتی تاران کە بە رکابەرێکی سەرسەختی واشنتۆن دەژمێردرێ ، دەتوانێ شوێن پەنجەی نەرێنی لەسەر پێوەندی نێوان مالیکی و حکومەتی واشنتۆن دانابێ ، بەڵام چاودێرانی سیاسی کرۆکی مەسەلەکە بۆ بێتوانایی دەستەڵاتدارانی عێراق دەگێڕنەوە و بە تایفەگەری و بەرژەوەندخوازی تۆمەتباریان دەکەن .

دوای چەند مانگ لە دەست بەکاربوونی کابینەی مالیکی کەچی سنووری دەستەڵاتی حکومەتی بەغداد نەک فراوان نەبووە ، بەڵکو گێژاو و ئاڵۆزیەکان بۆ نێوخودی دەستەڵاتیش هەڵکشاون . لە لایەکەوە ململانێی نێوان رەوتی سەدرو لایەنگرانی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم رۆژ دوای رۆژ گەورەتر دەبێتەوە ، لە لایەکی دیکەشەوە هێرش و پەلامارەکانی سوپای مەهدی بۆسەر هێزە هاوپەیمانەکان چڕتر دەبێتەوە . ئەمریکا لەوەزیاتر ناتوانێ بێدەنگی بنوێنێ و ناچار دەبێ بە دەستی پۆلایین لە سوپای مەهدی بدات . لێدانی سوپای مەهدی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق ئاوەڵاتر دەکاتەوە ، بەمەش گرفت و کۆسپی دیکە لەبەردەم بەرنامەکانی ئەمریکادا قوت دەبنەوە . ئەمریکا یان ناچار دەبێ پاشکشە بکات و مل بۆ شکست بدات یان دەبێ توندتر رووبەڕووی ئێران بێتەوە . لەهەردوو بارەکەدا عێراق زەرەرمەند دەبێ و بەرەو هەڵوەشانەوە و لێکترازان دەڕوات .

## بارۆسۆ تورکیا بێ ئومێد دەکات



ژۆسێ مانوێل بارۆسۆ سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا لەو بەیاننامەیەی کە لە رۆژنامەی (کۆریەر دێلە سەیارێ)ی ئیتالیدا بڵاوی کردۆتەوە ، هیواو ئومێدی تورکەکانی پوچەڵ کردۆتەوە.

بارۆسۆ لە بەیاننامەکەیدا دیاری کردووە کە دەوڵەتی تورکیا بە سەختی ریفۆرم دەکات، ئەوەی یەکێتی ئەوروپا دەخوازێ هێشتا پێی نەگەیشتووە .

بارۆسۆ لەو باوەرەدایە کە قۆناغێکی سەخت بەڕێوەدەچێ ، هیوادەخوازێ کە سەرۆکی ئێستای یەکێتی ئەوروپا چارەسەرێک بۆ ئەو رەوشە بدۆزێتەوە ، هەرچەندە کە خۆی کەم هیوایە و پێیوایە بە ئەنجام ناگات .

شیاوی باسە ماوەیەکە پێوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا بەرەو ساردی و ئاڵۆزی دەچێ ، هەردوولا یەکتر تۆمەتبار دەکەن. یەکێتی ئەوروپا حکومەتی ئەنکارا بەوە تۆمەتبار دەکات کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەخۆی وەکو کێشەی نەتەوەکان و ئایینەکان و پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا نادات ، تورکیاش بەوە یەکێتی ئەوروپا تۆمەتبار دەکات کە نایەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی لە یەکێتی ئەوروپادا جێگە بگرێ .

## هۆلبرۆک داوای جێگیربوونی هێزەکان لە کوردستان دەکات

ریچارد هولبرۆک باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەفتەی رابردوو لە رێگەی رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزەوە نامەیەکی کراوەی بۆ جۆرج دەبلیو بووش ناردووە و داوای لێکردووە تا هێزەکانی خۆی لە باشووری کوردستان زیاد بکات و رێگە لە شەڕی چاوەڕوان کراوی نێوان کورد و تورکیا بگرێ . هولبرۆک پێی وایە زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری کوردستان هەم کوردەکان دڵخۆش دەکات هەمیش رەزامەندی تورکەکانی لەسەر دەبێ .

هۆلبرۆک بەکوشتدانی سەربازانی ئەمریکی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بە کارەسات ناودەبات و پێیوایە کە باشتر وایە هێزەکانی ئەمریکا لە جیاتی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق لە خۆڕاوە بە کوشت بدرێن ، رەوانەی کوردستان بکرێن و لەوێ جێگیر بکرێن . بەبڕوای ئەو جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ئارامیەک بە ناوچەکە دەبەخشێ و لە شەڕێکی کاولکار دووری دەخاتەوە ، ئەمەش لەبەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەدا دەبێ

## ئەمریکا خوازیارە پەکەکە چەک دابنێ



هەواڵەکان : دێڤید ساتێرفیڵد راوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە جڤینێکی چاپەمەنیدا لە واشینگتۆن، سەبارەت بە کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان گوتی : کاتێ ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ کە پەکەکە بە یەکجارەکی چەک دابنێ و واز لە چەکداری بهێنێ . ئەگەر پەکەکە چەک دابنێ شیمانەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا نزیک دەبێتەوە . ئەو درێژەی بە قسەکانی داو گوتی : هەتا ئێستا هەنگاوی پێویست لە دژی تێکۆشانی پەکەکە وەدیار نەکەوتووە ، دەبێ هەروەستەی زیاتر بکرێ ، دەبێ پەکەکە بخەینە ژێر چاودێری و رێگە لە چالاکی سەربازی ئەوان بگرین .

دواتر سەبارەت بە کارەکانی ژەنەراڵ ژۆسێپ راڵستۆن کورینانۆری ئەمریکا بۆ تێکۆشان لە دژی پەکەکە ،گوتی : ئێستا ئەو لە گەڵ حکوومەتی تورکیا و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەو مەسەلەیە لە دانوستان دایە ، پێموایە لە داهاتووێکی نزیکدا بە ئەنجامێک دەگەن .

ئەو رەزامەندی خۆی سەبارەت بە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کێشەی پەکەکە دەربڕی و رایگەیاند کە ئەوان بە باشی ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن و ئامادەیی هەرجۆرە هاوکاریان تێدایە .

